# مەوتڤە سەرەكی یەكانی درووستی بوونی
# دەوڵەت پێویستە كامانە بن !

بەشی دووەم

كاوە حەسەن – ڤانكۆڤەر
kawa2002@yahoo.com

لەبەشی یەكەمدا چووینە سەر پێناسەكردن و هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی دەوڵەت و ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانەشمان بەسەركردەوە كە زەمانێك پێش ئێستا ئەم جۆرە باسانەیان خستە نێو كۆمەڵگاوە. لەو بەشەدا بەخێرای باسمان لە ئاڵوگۆڕەكان بەسەر ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و هەندێ تیۆری تر كرد كە لەمەڕ مەسەلەی دەولتەوە دوواون . لەم بشەدا زیاتر قووڵدەبینەوە بەناخی دەوڵەتدا و باس لەڕیكخستنی ناوخۆی دەوڵەت دەكەین . باس لەگرنگی دروستكردنی پێكهاتە ئێداری‌یەكانی دەوڵەت وەك مەوتڤێك لەپشت بنیات نانی دەوڵەتەوە و سەربەخۆبوونیان لەچنگ و دەستەلأتی گروپێكی تایبەت دەكەین .

پێكهێنانی دەزگاكانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت پێشمەرجێكن لەو پێداویستیانەی كە بەبێ بوونیان ناتوانین بەهیچ شیۆنێك بلێین دەوڵەتی مۆدێرن ، چونكە بەبێ بوونی ئەو یەكە ئیداریانە ئەگەر ناوی دەوڵەتیشی لەهەر شوێنێك بنرێت ، ئەوە لە پاشاگەردانی‌یەكی ئاڵۆزدا دەچێتە پێش . ئاشكرایە تاكو ئێستا خەڵكی كوردستان ئەزموونێكی وایان بۆ نەڕەخساوە ئازادانە قسەلەسەر ئەم جۆرە پێشمەرجانەی دەوڵەت بكەن و بەڕاشكاوانە پەنجە بخەنە سەر نەخۆشی حزبایەتی و چەندین گرفتی تر لەو عەقارەدا دەستنیشان بكەن . نەبوونی ئەم هەلە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك . گرنگترین هۆكاری لەباربردنی ئەم ئەزمونە نادیموكراسی‌یە دەستەلأتدارێتی نادیموكراسیانەی هەردوو حیزبی حوكمڕانە لەكوردستاندا . لە16 ساڵی حوكمڕانی پارتی و یەكێتیدا هێندەی شەڕی حیزبایەتی و بەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەكانی هەردوو حیزبی ناوبراو باسی داخ و خاڵی ململانێ بووە ، هێندە پێكهێنانی ئەو دەزگایانەو كۆمەڵگایەكی سەركەوتوو و بەئاگا و هۆشیار كێشە نەبووە . زۆر ڕەوایە بۆ نەتەوەیەك كە خاوەنی چەندین ئەحزاب و گرووپی سیاسی جۆراوجۆر ببێت ، بەڵام كاتێك لیكبوردن و قەبووڵ نەكردنی جیاوازی ، عەقڵ و داینەمۆی بیركردنەوەی حیزبە سیاسی‌یەكانێتی بەتایبەتی ئەوانەی كە لەدەستەلأتدان ، ناڕەوابوون شەرعیەتی خۆی وەردەگرێت و ئەو جۆرە كارەساتانە دەخولقێت كە پارتی و یەكێتی بەسەر خەڵكی كوردستانیاندا هێنا . ئەوەی لێرەدا مەبەستە بەسەركردنەوەی فەقیرحاڵی و چاوچڵێسی دەستەلأتدارێتی پارتی و یەكێتی نی‌یە ، بەڵكو ڕۆشنكردنەوەی گرنگی سەربەخۆبوون و كارامەی یەكە ئیداریەكانە لە گۆمەڵگادا . فەراهەم كردنی ئازادیەكان بەتایبەت ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین یەكێكە لەو فاكتەرانی كە لەلایەك باری هوشیاری كۆمەڵگا دەباتە ئاستێكی بەرز و خەڵكی فێری ئەوە دەبن ڕاشكاوانە بەرگری لەداخوازی و بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەكانی خۆیان بكەن ، لەلایەكی تریشەوە ئەو مافەیان دەداتێ كەبتوانن ئازادانە توانای و كارامەیی یەكە ئیداریەكان هەڵسەنگێنن ببنە هێزی فشار لەسەریان. دەرهێنانی دەزگا ئیداریەكانی لەچنگی ئەو دوو حیزبە و سپاردنیان بە كۆمەڵێك كادری پرۆفیشیناڵ و كارامە ، كەخزمەتی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی ڕاستەخۆ بكەن و ئامانجی سەرەكی خۆیان لەبردنە پێشەوەی كۆمەڵگا و دابین كردنی پێداویستی‌یەكانی خەڵكدا ببیننەوە ، بەبێ بوونی ئەو هۆشیاری‌یە كارێكی ئەستەمە . نمونەیەكی زۆر سادە بۆ ئەم مەسەلەیە ئەوەیە كە بۆ زیاتر لە 16 ساڵ دەچێت خەڵكی كوردستان بەبێ كارەبا ژیان دەكات ، پرسیارەكە لێرەدایە كە ئابا بۆچی ئەمە قبووڵ دەكرێت ، بۆچی ئەمە ڕۆژ دوای ڕۆژ پاساوی بۆ دادەتاشرێت . مەگەر كارەبا سەرەتایترین پێداویستی نی‌یە . " گۆلدستن و ویتۆرتی " هاوڕێی كە هەردووكیان پسپۆرن لەبواری پەیوەندیە نێۆدەوڵەتی‌یەكاندا پێیان وایە پێداویستی‌یە سەرەتایەكانی خەڵك بریتین لە خواردن و شێڵتەر و ئەو پێداویستی‌یانەی كە بۆ بەڕێوبردن و ڕاپەڕاندنی كاری ڕۆژانە بەكار دەهێنرێن (بێگومان

کارەبا و ئاو بەشێکن لە پێداویستیەیە سەرەتاییەکان ) . [1] ڕاستە تاکو ئێستا کۆمەڵگای کوردستان ژمارەی ئەو کەسانەی کەبێخانەولانەن لەئاستێکی نزمدایە و برسێتی "وەکو جاران" بەرۆکی بەخەڵك نەگرتووە ، بەلآم وورد بوونەوە لەبەشی دووەمی ئەم پێناسەکردنە سادەیە ڕیگەی ئەوەما پێدەدات کە بلێین کاتێك توانای چارەسەرکردنی کێشەی ئاوا و کارەبا لەئارادا نیەیە ئیتر باسکردن لەدرووست بوونی دەوڵەت دەچێتە خانەی خەون و خەیاڵەوە .

بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی شکست خواردوو یاخوود ( Failed State ) [2] بنیات نەنرێت پێویستە مەسەلەی دەزگاکان و سەربەخۆ بوونیان بەئەندازە و هاوشانی تەوەرە سەرەکیەیەکانی تر بەهەند وەربگیردرێت . ئەگەر هەرکەسێك تۆزقاڵێك هوشیاری لەسەر پەیوەندیە نیۆدەڵەتیەیەکان هەبێت دەزانێت هەڕەشەکردن و گرژبوونەوەی پەیوەندی هێزە نێودەوڵەتیەیەکان کارێکی سرووشتیەیە ، بەلآم ئەوەی کە مایەی گاڵتەجاڕی و مەسخەرەیە کە تۆ باس لەدرووست بوونی دەوڵەت بکەیت و خاوەنی یەك یەکەی ئێداری سەربەخۆ و کارامە نەبیت . نەتتوانیبێت سەرەتایترین پیداویستی بۆ خەڵکەکەت دابین بکەیت . ڕاستیەیەکەی کۆملگای کوردستان بۆ زیاتر لە 16 ساڵ دەچێت کویلەی ئەم جۆرە پێداویستیەیانەن ، بۆیە پێش ئەوەی باس لەسەربەخۆبوونی بکرێت ، پێویستە خەڵکی کوردستان لەدەست خەو بینین بەسەرتایترین پیداویستیەیەوە ڕزگاری ببێت . ڕاستیەیەکی هاشا هەڵنەگرە کەخەڵکی کوردستان دەنگی دا بەئەم دەستەلآتە تاکو نیۆنەرایەتی بکات ، بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شەرعیەت بەو هەلومەرجە شکست خواردووەی ئێستا بدرێت کە لەسەر دەستی ئەم دەستەلآتە درێژەی هەیە و تاکو بلێیت بێتاوانایە لەدابینکردنی بچووکترین پێداویستی بۆ خەڵکی کوردستان.

هەرچەندە هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەمان پێکرد کە بوونی دەزگاکان هەموو دۆزی درووست بوونی دەوڵەتێکی مۆدێرن و دەستەلآتێکی هوشیار یاخوود (Rational) دیاری ناکات ، بەلآم هەروەك ماکس وێبەر دەڵێت : دەستەلآتێکی سکوێلار بەوە دەناسرێتەوە کە سەرکردەی سیاسی لەگەڵ کادری کارامە لەدەزگا ئیداریەکاندا جیا بکرێنەوە . ئەو دەڵێت کۆمەڵێك ستاندارت هەن کە ناوەڕۆك و ڕەواڵەتی دەوڵەتێکی مۆدێرن و دەزگاکانی پێدەناسرێنەوە ، بەپێی بۆچوونەکانی ئەو دەزگاکان پێویستە لەلایەن ئەو کەسانەوە بەڕێوە ببرێن کە سەربەخۆ و ئازادانە بە هۆی کارامە بوونیانەوە هەڵدەبژێردرێن بۆ بەڕیوبردنی کارە ئیداریەکان .کەسی هەلبژێردراو ئەرکەکانی بەپێی لێهاتووی و کارامە بوونی و بەپەیوەست بوون بە بڕیارە یاسایەکانەوە ئەرکەکانی ئەنجام دەدات . لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی مولزەمە و خۆی تەرخان کردووە بۆ ڕاپەڕاندنی پۆستەکەی ، لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا چاوەڕوانی هیچ پاداشتێك نیەیە تەنیا ئەوە نەبێت کە مانگانەیەکی تایبەتی هەیە وەك کارمەندێك . [3] ئەگەر بێت بەراوردێکی ئەم چەند پێشمەرجەی ماکس وێبەر بکەین لەگەڵ ئەوەی کە لەکوردستاندا دەگوزەرێت ، دەبینین پاشاگەردانی و بیٚ سەرو بەرەیەکی یەکجار زۆر بەرۆکی بە خەڵکی کوردستان گرتووە . دەبینین ئەو ڕەوش و مەوتیڤانەی کەدەبنە هەوێنی درووست بوونی دەوڵەتێکی مۆدیرن و ئێمە لێرەدا باسیان دەکەین کاری زۆر لەوە زیاتری دەوێت کە سەرانی پارتی و یەکێتی لێی حاڵی بوون . باسکردن لە درووست بوونی دەزگاکان بەو شێوەیەی باسمان کرد بەمەبەستی ئەوەیە ئەو جۆرە دەزگایانەی کە توانای دابین کردنی پێداویستیەیەکانی خەڵکیان هەیە و کاران بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خەڵك نەك هەر دەبنە هەوێنی درووست بوونی دەوڵەت لەگشتتدا ، بەڵکو هۆکارێکیش دەبن بۆ بنیات نانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن . دەبنە مایەی بەرەوپێشچوونی گوزەرانی خەڵك لەگشت بوارەکانی ژیاندا ، چونکە دروستکردنی دەزگاکان بەشێکی گرنگن لەو مەوتڤانەی کە لەدرووست بوونی دەوڵەتێکی مۆدێرن نزیکمان دەکەنەوە.

---

[1] Goldstein, Whitworth. *International Relation*. American University Washington D. C "Basic human Needs. Chapter 11. P, 423.

[2] بەو وولآتانە دەوترێت کە هیچ توانای کۆنترۆلکردن و بەڕێوەبردنی وولآتیان نیەیە ، یاخوود توانای دووبارە بەرهەم هێنانەوەی خۆیان نیەیە ، یاخوو توانای دابین کردنی پێداویستیەیەکانی دانتشتوانیان نیەیە ، نمونەی ئەم جۆرە وولآتا لە ئەفریقادا زۆرن .

[3] Max Weber. *Sociology of political and Government*. From Wikipedia. http://en.wikipedia.org/wiki/Max_Weber (May 14, 2007).